# ملوانکەی یەک هێڵ و شێوە بازنەیی





ئێکسسوار شێوازێکی ڕازاوە و ناسك لە خۆ دەگرێت، لەو کاتەی پێویستی بە پۆشینە، کە بەشێکی جەستە دادەپۆشێت بە جوانییەکەی، هەروەها بوارێك لە جوانیی دەردەخات، ئێکسسوارەکان بە چەندین شێوە ئامادە دەکرێن، گرنگە خانمان بزانن چ جۆرە ئێکسسوارێك دەپۆشن، یان چۆنییەتی ڕازاندنەوەی ئێکسسوارەکە لەگەڵ جەستەدا دەگوزەرێنن، ئەمەش گرنگترین لایەنە لەوەی چۆن بتوانین ئێکسسوارێك بە شێوەیەکی دروست بپۆشین، لێرەدا باس لە هەڵبژاردن و پۆشینی ملوانکە دەکەین، ملوانکە جگە لەوەی ئێکسسوارێکی سەرنجڕاکێش و بەرچاوە، هەروەها بەشێکی زۆری ئەو ئێکسسوارە دیار دەکەوێ و بە پێچەوانەی زۆربەی ئێکسسوارەکانی دیکە، کە زۆربەیان دەرناکەون یان لەژێر جل ون دەبن، بەمەش ملوانکەی ناسك، لایەنێکی دیکەی جوانی بە جەستە و مل دەدات و تەنانەت زیاتریش ڕازاوە دەبێت کاتێك لە نەخشێکی یەك هێڵی دەبێ یان لە شێوەی بازنەی خۆی دەرناچێت و هەمان ڕێسای خۆی دەپارێزێت.



## ڕەنگی لێو لەگەڵ ڕەنگی پەنجەی دەست

گونجاندن لە نێوان بەشەکانی جوانکاری لە جلوبەرگ و گشت ستایلەکانی دیکەدا، تا بەمەش هەر کەسێك لەو لایەنە ئاگاداربێ و بزانێ چۆن لەنێوان مۆدە و ئێکسسوار و ستایلی جلوبەرگ و بۆیە و ڕەنگی قژ و لێو، هەروەها ڕەنگی پەنجەکانی دەست و گونجاندیان لە شێوە و ڕەنگ لەگەڵ بەشەکانی دیکەی جەستەدا، یەکێك لەگرنگترین شێوازەکانی گونجاندنی نێوان مۆدەکان، ئەویش گونجاندنی نێوان بۆیەی نینۆکی دەست و ڕەنگی لێوە، دەتوانین لە دوو ڕێگەدا یەکەمیان کاتێك هەردوو شێوەی ڕەنگی پەنجە و لێو هاوڕەنگ دەبن، ئەمەش دەبن بە گونجاندنێك لە نێوانیان، بۆ نموونە: کاتێك ڕەنگی لێو و پەنجەی دەست لە ڕەنگی سوور دەبن، بە هەردووکیانەوە جوانترین دیمەنی سوور دەردەخەن، لەگەڵ ئەوەشدا شێوازێکی ناسك و ڕازاوە بەدی دەکەن، بۆ ئەو وەرزە بەشێکی گرنگی جوانی لە لێو و پەنجەکانی دەستە، کە ئەوەش دەبێتە مۆدەیەکی کاریگەر و ڕازاوە لە گونجاندنی ڕەنگی لێو لەگەڵ ڕەنگی پەنجەی دەست.



## کراسی کوردی گوڵدار

**بە هاوکاری ئەرمانا کوردش**

شێواز گۆڕین یان ئامادەکاری بۆ مۆدەیەکی تازە لە کراسی کوردی، گەورەترین جوانی دەبەخشێتە ئەو جلە، کە لەگەڵ هەر شێوە و دیزانێکی نوێدا، چەندین بەرهەمی شایسەتمان دەست دەکەوێ، ڕەنگدانەوەی جوانی کراسی کوردی زیاتر لە ڕەنگی جلەکەدایە، هەروەها بەشێوەیەکی لاوەکی گرنگی بە ستایلی کراسەکەش دەدرێ، بەهۆی ئەوەی کراسی کوردی دەقێکی تایبەتی نییە، یان بڵێین جلێکی خاوە و لەسەر جەستە ناوەستێ، بۆیە زیاتر لە ستایل دانانەکەی گرنگییەکی ئەوتۆی پێنادرێ، بەمەش گرنگی زیاتر دەخرێتە سەر ڕەنگ و جۆری قوماشی کراسەکە. لەم کراسەشدا کە لەلایەن دیزاینەرانی ئەرمانا بۆ جلی کوردی دانراوە، شێوازێکی سەرنجڕاکێشی بۆ دابین کراوە، ئەویش بە هەڵبژاردنی جۆرە قوماشێکی خاو بۆ کراسەکە، هەروەها بوونی ناوەڕۆکی کراسەکە لە چەندین نەخشی گوڵدار، دەربارەی ڕەنگی جلەکەش، زیاتر بایەخ بە ڕەنگەکان دراوە، یان زیاتر لە ڕەنگێك بەکارهێنراوە بۆ ئەو جلە کوردییە.

## نەخشی سەر نینۆک



شـــێوە و دیمەنێکـــی چەندە ناســـك و جوانـــە، کاتێك نینۆکەکانی پەنجەی دەســـت بە چەندین نەخش و ستایلی جۆراجۆر رازاوە و رەنگکراو و بەبۆیە دەبن، کە ئەوەش جوانی دەست زیاتر دەکات و سەرنجی بەرامبەر رادەکێشێت، لە نێوان جوانیی پەنجە و ئێکســـوارەکانی دەست، شێوەی نینۆکەکان زیاتر کاریگەری خۆیان دەردەخەن و هەر رەنگێك یان نەخشێك لەسەر نینۆك، ئاڕاســـتەیەکی شیاو و بە ئەمەك دەبەخشێتە جوانیی دەست، لە کاتێکدا خانمان گرنگی بەو لایەنە نادەن و پشتگوێی دەخەن، بەڵام بەشێکی گرنگی جوانییە کاتێك نینۆکی دەســـت بە بۆیەی جوان یان نەخش رازاوە دەکرێت، دوو جۆرە نەخشدانان لەســـەر نینۆکی پەنجە هـــەن، یەکێکیان کە بە بۆیە کردنـــی نینۆکەکانە لەو جۆرە نەخشـــەی مەبەستە، جۆری دووەمیش نینۆکی دەستکردە کە بە نەخشەوە ئامادەکراوە و بەمەش راستەوخۆ دەخرێتە سەر نینۆکەکانی پەنجە.

## ئێکسسواری سەر گوێ

دانانی هەر ئێکسسوارێك پەیوەندیی

بە جوانی و شـــێوە و شێوازی دانانی ئێکســـوارەکە هەیە لەسەر جەستەدا، زیاتریـــش لەو کاتەی کە پێویســـتیان بـــە دانانی دیزانێکـــی جوانە بۆ هەر ئێکسسوارێك، لە رێگەی هەڵبژاردنی ئەو جۆرە ئێکســـوارە بچووکانەی کە جگە لەوەی بچووکن، بەڵام مۆدەیەکی



گـــە ش

دەبەخشن، ئەمەش

وادەکات کە گرنگییەکی زیاتر بدرێ بەو جۆرە ئێکســـوارە، لـــە کاتێکدا ئێکسسواری بچووك، لە هەر شوێنێکی جەســـتەدا بێ، شـــێوازێکی گرنگ دەردەخات، هەروەها دەتوانین پابەندی ئەو لایەنە بین کە بۆ چ مەبەســـتێك ئێکســـواری بچووك بەکاردەهێنین، ئەو ئێکسسوارانە بە نقمەکان دەناسرێن، لـــە کاتێکـــدا شـــێوەیەکی بچووك و ناســـکیان هەیـــە، ئەمـــەش وادەکات کەســـەرنجراکێش بـــن، جۆرێکی ئەو ئێکســـوارانە دەخرێتە ســـەر گوێ، کە زیاتریش لەبەشـــی دەرەوەی گوێدا دەخرێت و ئەمـــەش جوانترین مۆدەی جوانی دەبەخشێت.

## پێڵاوی پاژنە بەرز لەگەڵ جلوبەرگدا

پێڵاوی پاژنە بـــەرز، وەك مانگ وایە، بۆ ماوەیەك دەبێتە باوی ئەو مۆدەیە و بۆ ماوەیەکی دیکەش ون دەبن و لە شـــێوە و ستایلیشـــدا نامێنن، هەر جوانیی ئەو پێـــڵاوە پاژنە بەرزیە کاتێك لەژێر قاچی خانمان بە جوانترین شـــێواز لەگەڵ جلەکاندا دەگونجێندرێـــن و بەمەش مۆدەیەکی بەرز نیشـــان دەدەن، جوانیـــی پێڵاوی پاژنە بەرز، جگە لەوەی باڵای خانمان بەرزتر نیشـــان دەدا، هەروەها هەستێکی خۆش بەو کەسە دەدات کە دەیپۆشـــێت، زیاتریش پێڵاوی پاژنە بەرز لەگەڵ جلە فەرمییەکان دەپۆشـــرێن، وەك لە ئاهەنگ و بۆنە و گەشـــتەکاندا، جگە لەوەی پێڵاوی پاژنەبەرز، بە شـــێوەیەکی بەرچاو دیار دەکەوێت و ئەگـــەر لەگەڵ هەر جلوبەرگێکدا لەپێ بکرێت، زیاتر دەردەکەوێت، کە پێچەوانەی پێڵاوەکانی دیکەی وەك فلات و پێڵاوی ســـادە و بێ پاژنە، زیاتریش ئەو مۆدە تازانەی پێڵاوی پاژنە، لەگەڵ رەنگە تۆخەکان ئامادە دەکرێن، وەك رەنگی: ســـوور - پەمەیی- شـــین و رەنگی جەرگی نزیك لە سوور، هەر یەکە لەم رەنگانە بە شـــێوازێکی خۆی کاری بۆ کراوە، دەکرێت لەگەڵ هەر جۆرە جلێك گونجاندنی بۆ بکرێت و ببن بە شای مۆدەکان کە لە پێڵاوی پاژنە بەرز و جلێکی هاورەنگی خۆی بێت.











# مرۆڤ لە کوێ بێت خۆشەویستی لەوێیە

**ڕەوەند بەختیار**

دوو گەنجی سووری لە پاش تێکچوونی ڕەوشی سووریاو کۆچ کردنیان بۆ یەکێك لە کەمپەکانی وڵاتی ئەردەن بە ناوی کەمپی (زەعتەر ) سەرەڕای هەموو ناخۆشی و بەربەستەکانی ژیان بڕیاریان دا هاوسەرگیری بکەن و ژیانی هاوسەرگیری پێکبێنن، بۆ ئەوەی بۆ هەموو دنیای بسەلمێنن ئەوان وەك گەلی سووری لەگەڵ شەڕ و کوشتاردانین و مرۆڤ لە هەر کوێیەك بێت خۆشەویستیش لەوێیە، ئەحمەد تەمەنی ٢١ ساڵە پاش جێهێشتنی سووریا لە دەستی ڕژێمەکەی ئەسەد لە کەمپی زەعتەر ئاشقی کچێکی سووری دەبێت هەر لەو کەمپە بەناوی ناریمان ئەو دوو عاشقە بڕیاریان دا هەر لە ژێر خێمەکان و لە چوارچێوەی ئەو کەمپە ئاهەنگی هاوسەرگیریان بکەن بە ئامادەبوونی چەند هاوەڵێك لە هەردوولا، لەگەڵ چەند تابلۆیەکی هەڵپەرکێی میلی سووری. ئەحمەد لە ئاهەنگەکەی ئەوەی ڕاگەیاندووە حەزی کردووە لە وڵاتی خۆی ئەو ئاهەنگە ئەنجامبدات، بەڵام کە ناکرێت هیچ ڕێگایەکی تر نییە، ئەوەی شایەنی باسە هاوسەرگیری ئەحمەد و ناریمان ئەوەمان بۆ دەردەخات عەشق و خۆشەویستی ڕاست و بێگەرد لە هەر شوێنێك و بارودۆخێك بێت جوانی بەرائەت و بەیەکەوەبوون لەوێدایە.

## کەونە دەرگا لە چین!

لە فیلمێکی کۆنی کوردیدا بەناوی (کەونە دەرگا)، باس لە لایەنێك دەکات ئەویش بەرکەوتنی خانووی خەڵکە بەبەر پرۆژەی خزمەتگوزاری حکومی، کە هەندێکیان حەز ناکەن خانووەکانیان تێکبدرێت بۆ کارێکی لەم جۆرە، لەگەڵ ئەوەی قەرەبوو دەکرێنەوە لەلایەن حکومەتەوە، وادیارە لە چینیش ئەو لایەنە هەیە و دوای ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتی حکومەتی ئەو وڵاتە ئاگاداری کۆمەڵێك خانوو کرایەوە لەوەی خانووەکانیان بەبەر دروست کردنی جادە دەکەون، بەڵام خاوەنی خانووەکە کە پیاو و ئافرەتێکی بە تەمەن بوون، ڕێگەیان نەدا و ڕازی نەبوون لە تێکدانی خانووەکەیان، ئەوەی سەیرە ئێستا خانووەکە دەکەوێتە ناوەڕاستی شەقامێك و چونکە حکومەت نەیویست پرۆژەکە بەهۆی خانووێکەوە ڕەت بکەنەوە.



## نمایشی ئاگر!

لە گشت شوێنێکی ئەو جیهانە، ڕۆژانە و تەنانەت سات بە سات چەندین کاری جوان و نمایشی سەیر ئەنجام دەدرێت، لەگەڵ ئەوەش نمایشی لەم جۆرە، دیمەنێکی جوان لە خۆ دەگرێت، هەروەها کۆمەڵێك یاری و کاری جوانی لێ دەکرێت و یەکێك لەو وڵاتانەی کە ساڵانە





زۆرترین نمایشی لێ ئەنجام دەدرێت، ئەویش وڵاتی (چین)ە، لە دواترین نمایشەکانی ئەو وڵاتە، کە هەفتەی پێشوو ئەنجام درا، لە شاری ویۆمینگی چینی بوو، نمایشەکە بریتی بوو لە ڕۆیشتن بە ناو ئاگردا، وەك لە وێنەکەدا دەبینن چۆن کەسێك بە ناو ئاگرێکی گەورە دەپەڕێتەوە و بەبێ ئەوەی بسووتێت.



# سەرۆكی كۆریا گاڵتە دەكات

لەو كاتەی سەرۆكی كۆریای باكوور (كیم یۆنگ ۆن)، لەناكاوێكدا و لە شەڕێكی ڕاگەیاندنی سەیردا، هەڕەشەی كردە سەر وڵاتی ئەمەریكا و دواتریش بەشێوەیەكی سەیر بێدەنگ بوو، ئەوەی سەیرە لەوكاتەی وڵاتی ئەمەریكا خەریكی خۆ ئامادەكردن بوو بۆ هەر هێرشێكی سەربازی یان ئەتۆمی بۆ سەر وڵاتەكەی، لەولاوەش سەرۆكی كۆریای باكوور، وەك منداڵێك خەریكی یاری كردن بوو لە شاری یاری وڵاتەكەی، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین كەسایەتیی پایەبەرزی وڵاتەكەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوون بۆ شاری یاری !


# شووتی چوارگۆشە!

شووتی وەك یەكێك لە میوە خۆشەكانی وەرزی هاوین، لەگەڵ ئەوەی سوودێكی تەندروستی بۆ لەش هەیە، هەروەها میوەیەكی نایابە بۆ میوان و یان وەك خواردنێكی شەوانە دادەنرێت، وەكو دەزانین شێوەی شووتی لە شێوەی هێلكە بەڵام باریكتر دەچێ، كەچی وڵاتی ژاپۆن لەو بوارەشدا كاری پیشەگەری دەكات و دەبێتە خاوەن شووتی چوارگۆشە، لە كاتێكدا ئەوەش كارێكی ئاسانە و بە گشت كەسێك ئەنجام دەدرێت، ئەویش لەوكاتەی كە شووتی دەچێنرێ، دەخرێتە ناو شتێكی چوارگۆشە و بەم شێوەیە شووتیەكە بەپێ ئەو شوێنەی لێ دانراوە دەڕوێت و شێوەیەكی چوارگۆشە وەردەگرێت، ڕەنگە لە داهاتووشدا شووتی سێگۆشە و چەندین شێوە ئەندازیارییەكان ببینین.



# دوو گلێنە لە چاوێكدا

گۆڤارێكی ڕووسی وێنەی سەیرترین چاوی بڵاوكردەوە، لەو كاتەی ئەو وێنەیە بووە جێگەی سەرسوڕمانی گشت میدیاكان هەروەها خەڵكیش بە سەیری تێیدەڕوانن، وێنەكەش بریتییە لە چاوی كچێكی ڕووسی، كە لەناو چاوی چەپەیدا دوو گلێنە هەیە، لەوەش سەیرتر ئەوەیە كە هەردوو گلێنەكە كار دەكەن و كچەكە وەك دەڵێ: دەتوانم بە هەدوو گلێنە شت ببینم و تەنانەت دەتوانم كامەیان بمەوێ بە جوانی لەو گلێنەوە سەیر دەكەم، ئەو كچە ناوی (ئانیا)یە و تەمەنی (١٦ ساڵە و دوای لە دایك بوونی، چاوی چەپەی بەم شێوەیە بووە و تاوەكو ئێستاش هیچ كێشەیەكی بۆ نەبووە و تەنانەت چاوی چەپەی زۆر جوانتر و ڕوونتر دەبینێ.



# هیتلەر و تاوەری ئیڤڵ!


جگە لەوەی باس دەكرێ كە گەورە فەرماندەی سەربازی ئەڵمانی و نازییەكان (ئەدۆڵف هیتلەر)، حەزی بە داگیر كردنی گشت جیهان بوو، بەڵام خەونەكەی نەهاتە دی و ئەویش بە بەرپەرچ دانەوەی هەر یەكە لە ڕووسیا و بەریتانیا، سەرەڕای ئەوەش هیتلەر حەزی بە شاری پاریس و بینینی تاوەری ناوداری جیهانی (ئیڤڵ ) دەكرد، حەزێكی گەورەشی ئەوەبوو كە وڵاتی فەڕەنسا بكاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، ئەو وێنەیەش لە نزیك تاوەری ئیڤڵ گیراوە لە ساڵی (١٩٤٠) كە وێنەی هیتلەر و گەورە ئەندازیاری خۆی (ئەڵبێرت سبیر)ە.



# مۆبایل و شیكۆڵاتە!

یەكێك لە كارە ســەیرەكان بۆ دروست كردنی كەرەستە و كاری سەمەرە، ئەویش ئەو مۆبایلەیە، كە ئەگەر تا لە نزیكەوە سەیری نەكەیت، نازانیت چ جۆرە مۆبایلێكە یان چۆن دروســت كراوە، لەگەڵ ئەوەشــدا كاتێك لێی نزیك دەبیتەوە بۆت دەردەكەوێ كە ئەوە مۆبایل نییە و خواردنی شــیكۆڵاتەیە، واتا خواردنێكیان دروســت كردووە لەسەر شێوەی مۆبایل كە شیكۆڵاتەیە و بۆ خواردنە.







## بۆ زاخــاوی مێشک



* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (كاردی) بوو


بۆ زانینی ئاستی زیرەكیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیكارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بكەرەوە كە لەكۆتایی ناوێكت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەكدا ناوەكە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانكاریانەی خوارەوە:

**ئاسانكاری**

- پیتی خانەكانی (١+٢+٣+٤+٥) كۆ بكەیتەوە بە مانای (خواردنێكی بەهێزە لە كەنداو زۆرە دارێكی بەرزە)
- پیتی خانەكانی (٦+٧+٨) كۆ بكەیتەوە بە مانای (بەرێكی دارە، لە شەقڵاوە زۆرە و شای هەیە و ئاسایی هەیە)
- پیتی خانەكانی (٤+٥+٦) كۆبكەیتەوە بە مانای (مردوو بە زمانی عەرەبی )
- پیتی خانەكانی (٤+٥+٣)كۆ بكەیتەوە بە مانای (گیاندارێكی خشۆكە و ژەهری هەیە)


### پەندی ناوداران



**- نزار قەبانی دەربارەی خۆشەویستی ژن دەڵێت:**

ئەگەر ژن لە ئاســمان وەكو باران ببارێتە ســەر زەوی، بێجگە لە تۆ سەیری كەسی دی ناكەم.

### كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩



لەكاروبارەكانــت بەرەو پێــش دەچیت بەڵام كەمێــك ماندوو بوون بەســیماتەوە دیار دەبێــت، هەوڵدەدەیت گرفتێكی خۆشەویستی یاخود گرفتێكی هاوڕێكەت چارەسەر بكەیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠



دۆســتێكی نزیكت پێویســتی بــە یارمەتــی هەیــە. بەرلــەوەی داوای بكات تــۆ دەرگای هاریــكاری لێبكــەوەو داواكارییەكانی جێبەجێ بكە.

### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



ئەركە خێزانییەكان زۆربــەی كاتەكانت دەبــەن. لەپەیوەندیی ســۆزداری و هەڵبژاردنی هاوسەردا بە هێمنــی بیربكــەوەو بەقەناعەتەوە بڕیار بدە.

### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢



دڵت خۆشەلەبەر ئەوەی جێی سەرنجی دەوروبەرتیت، حەز دەكەیــت بەردەوام ئاوا ســەرنجراكێش بیت، لە هەنگاوەكانــت دڵنیابە كە ســەركەوتن بەدەست دەهێنیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١




شتێك لەتواناتدا نییە بۆخۆتــی پێوە خەریك دەكەیت . هەوڵبدە ژیانت نەخەیتە مەترسییەوە و بیر لەداهاتووی خــۆت بكەوە. گۆڕانكاری لە ژیاندا گرنگە بەمەرجێك سەر لەخۆت نەشێوێنیت.

### كەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١



چاو لەو كەســانە مەكە كە هاوشێوەی تۆ نین، بە شێوەیەكی مەنتیقی هەڵسوكەوت بكە. چونكە ژیان بەخەیاڵ ناچێتە سەر، گرفتەكانت ماوەیەكی كەمی پێویستە، ئاگاداربە كار نەكاتە سەر ژیانت .



## جیاوازی وێنە

**بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە**

## یاری پیت ریزکردن

**هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان رێکبخەی ناوی کەنیسەیەکی شاری هەولێرت بۆ دەردەچێت :**

س م ا و ی ف ر

**وەڵامی ژمارەی پێشوو :حەمرین**



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ئەوەنــدە بیــر لە یا د گا ر ییــە کا ن مەکــەوە، چونکە هیچ لــە ژیانی داهاتــووت ناگۆڕێت، لە گفتوگۆیە هەســتیارەکان خــۆت دوورەپەرێــز رابگرە.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

بەهــۆی نــەرم و نیانیــت جێــگای خۆت لە دڵی کەسانی دەوروبەرەکەت کردۆتەوە، لەماوەی داهاتووتدا پێویستە زیاتر بایەخ بەتەندروستیت بدەیت.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

دوو دڵ مەبە لەکارەکەت چونکە ئاســانکاریت بۆ دەکرێت و ئەم دڵەڕاوکێیەت نامێنێت، بۆیە ئەمڕۆ وڕەت بەرزتر دەبێت، باری کۆمەڵایەتیت بەرەو پێش دەچێت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

پێویســتە بــەوردی بە ژیانــی خۆتــدا بچیتەوەو گۆڕانــکاری لــە بیروڕاکانت بکەیت چونکە لەگەڵ سەردەمی ئێســتادا ناگونجێت. ئەگــەر نا ژیانت بەرەو ناخۆشی دەچێت.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

هەندێــك گرفتــت بۆ دروســت دەبێــت، وات لێــدەکات تــا ماوەیەك ماندووبیت، گەر بەتەمای ســەفەریت دوایبخــە باشــترە، چونکە بارودۆخەکــە لەبەرژەوەندیی تۆدا نییە، چارەسەری ئاسانە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

خاوەن هەڵوێستێکی نەگۆڕبــە، چونکە بــڕوات بەخــۆت زۆر پتەوەو لەسەر رێگای راست دەڕۆیت، بەدڵنیاییــەوە ئــەم ماوەیــە بەختیار دەبیت.

## بە مانگی لە دایک بوونت خۆت بناسە

### لە دایکبووی مانگی (٦):

کەسێکی دڵ جوانە- بەختێکی باشی هەیە - سۆزدارە- ساردە بۆ تــوڕە بــوون - مەزاجییە- قسەکردنی سەرنجڕاکێشە- لێبووردنی هەیە زوو شت لەبیر دەکات- بە پێی عەقڵی ئیش دەکات نەك بە دڵی- جوان بیر دەکاتــەوە بۆ ژیــان، هەستی ناسکە.




- جارێکیــان پیاوێــك لــە خۆیەوە بــە ژنەکــەی دەڵێــت: خۆزگــەم ئوتۆمبێلێکمــان هەبوایــە دەچووینە دەرەوە، منداڵەکانیشی دەکەن بە دەنگە دەنگ، یەکێکیان دەڵێت، من لە پێشەوە ســوار دەبم، ئەوەی دیکە دەڵێت نا من لەلای جامەکــە دەبم، پیاوەکەش توڕە دەبێت و دەڵێت : هەستن وەرنە خوارەوە کەس سواری ئوتۆمبێل ناکەم!

- ژنێك بــە پیاوەکەی دەڵێت: پیاوەکە ئەگــەر من بمرم تۆ چــی دەکەیت و چیت لێدێت؟ ئەویش دەڵێت: شێت دەبم ! ژنەکە دەڵێ ئەی خۆ ژن ناهێنیتەوە؟؟ پیاوەکەش دەڵێت: شــێت هەر چ بکات لێیناگیرێت و دەیکات!